بەرگری ڕوسیا هەرشیان کردەتە سەر هێزەکانی سوپای ئۆکراینا کە لە هەوڵی گەیشتن بە شاری پاخمەت بوون

ئاژانسی هەواڵی ئینتەرفاکسی ڕوسیا ڕۆژی چوارشەممە لە زاری وەزارەتی بەرگری ڕوسیاوە ڕایگەیاند، هێزەکانی بەرگری ڕوسیا هەرشیان کردەتە سەر هێزەکانی سوپای ئۆکراینا کە لە هەوڵی گەیشتن بە شاری پاخمەت بوون.

ڕوسیا دەڵێت، بەگوێرەی ئاژانسەکانی هەواڵی ڕوسیا، هێزەکانی گروپی تایبەتی سەربازی ڤاگنەری ڕوسیا سێ خاڵی دیکەیان لە هەوڵەکانیان بە کۆنترۆڵکردنی شارەکە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا گرتووە.

یەفگینی پریگۆگن فەرماندەی گروپی سەربازی تایبەتی ڤاگنەری ڕوسیا لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا کە ڕۆژی سێشەممە بڵاوکراوەتەوە دەڵێت، هێزەکانمان ئێستا زیاتر لە سەدا 80ی شاری پاخمەتی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیایان کۆنترۆڵ کردووە.